# جیهانی تازە ئاوا دەبینرێت

عەلی جاف

بۆ ئەوەی لەئێستا بگەین ئەبێت تۆزێك یان زۆر بگەڕێینەوە بۆ دواوە, تاکو جەمسەری باسەکەمان ببەستین بەیەکەوە.

هەموو کەم تا زۆر زانیاریمان هەیە کە لەسەدەی (19)هەمی زاینیا بیروڕایەکی فەلسەفی ئابووریو رامیاری بەناوی (مارکسیەت)ەوە کەوتە جیهانەوەو بەماوەیەکی کەم (ئەگەر ئەم بۆچوونەمان راست بێت) ئەم پەڕەو پەڕی جیهانی تەنییەوە.. لەکاتێکا هات کە گوزەرانو ژیانی میللەتان لەپلەیەکی ناهەمواری یابوو؟؟. بەتایبەتیش تاسەرەتای سەدەی بیستو دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی 1914 تاکو ساڵی 1918 بەردەوام بوو. ملیۆنەها سەربازو بێ تاوانی تیاچوو یان تیابران؟؟؟ بانگی برایەتی گەلانو میللەتان درا بەگوێی هەموو جیهاناو دوایش شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لەرووسیا روویدا پارتی کۆمۆنیستی (پۆلشەفیك) کە سەرکردایەتی ئەو شۆڕشو بیروباوەڕەی ئەکرد بەناوی (دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا) هاتنە سەر دەسەڵاتو بانگی کرێکارانی جیهانیان کرد یەکگرنو، بانگەوازی برایەتی میللەتانو یەکگرتن گەلانیان کرد.

ئەمە بەردەوام بوو تاکو جەنگی جیهانی دووهەم هەڵگیرساو زیاتر لەجەنگی جیهانی یەکەم قوربانی تیادرا. بەڵام بەرامبەر بەسەرکەوتنی دەستەی سوێندخۆران بەسەر دەستەی فاشیونازیدا ئەوەندەی دیکە تەوژمیدا بەبرایەتی میللەتانو ئومێد پەیداکردنی گەلانی ژێر دەست بەئازادی ئەوەبوو پێش کۆتایی هاتنی جەنگ واتە لە 1944دا دەوڵەتە سوێند خۆرەکان بۆ زووتر کۆتایی بەشەڕ بهێننو ئەڵمانیا کە سەرۆکی دەوڵەتانی شەڕانی بوو لەناوبەرن بیریان لەکردنەوەی بەرەیەکی تاوەی جەنگ کردەوە, تاکو لەشکری ئەوا بکەن بەدوو بەشەوە ئەو کات بەسەریان زاڵ بنو لەناوی بەرن. پیلانەکەش وابوو کە یەکێتی شوورەوی (سۆڤێت) لەرۆژهەڵاتەوەو ئەمانیش (ئەمریکا, ئینگلیز, فەرەنساو ئەوانی تری هاوپەیمانیان لەرۆژئاواوەو لە (نۆرماندی)و (دەنکرك)ی فەرەنسیەوە بەرەو بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بچن.

لێرەدا ئەگەڕێینەوە بۆ (وەنستون چەرچل) سەرەك وەزیرانی ئەو کاتەی ئینگلیز لەیادداشتەکانیا کەباسی کردنەوەی بەرەی دووهەمی جەنگ ئەکات ئەڵێت "سوێند خۆران بڕیاریاندا کەهێرشی بەرە کە لە (دەنکرك)ی فەرەنساوە دەستپێبکەن لەوێوە بەرەو ئەڵمانیا بڕۆن؟!. بەڵام من زۆرم هەوڵدا کە ئەو بەرەیە لە (بەلکان)ەوە دەستپێبکات.. چونکە تاکو ئێمە لەرۆژئاوای فەرەنسەوە دەگەینە (بەرلین)ی پایتەختی ئەڵمانیا.. یەکێتی شوورەوی (سۆڤێت) هەموو رۆژهەڵاتی ئەورووپای داگیر دەکاتو لەدەستمان دەچێ!!. کە دەستکرا بەشەڕو بەرەکە بەسەرکردایەتی (ژەنەڕاڵ ئازینهاوەر)ی ئەمریکی کەوتە کار. ئەوەبوو پێکەوە ئەمان لەرۆژئاواو سۆڤێت لەرۆژهەڵاتەوە پێکەوە گەیشتنە بەرلینو ئەڵمانیاو (هیتلەر)یان یەکخستو قسەکانی چەرچڵ زۆر باش هاتەدی کە ئەم راستی کردووەو هەموو رۆژهەڵاتی ئەورووپا کەوتە ناو کەوانەی دەستەڵاتی شورەوییەوە؟؟. بەندە ئەو کاتە بەش بەحاڵی خۆم کە ئەوەم ئەخوێندەوە هەتا ئەهات چەرچڵم لەبەرچاو گەورەتر ئەبوو؟!! کە ئەوەندە بلیمەتو دوور بین بووەو زیاتر سۆزم لەسەر خوێندنەوەی هەر سێ بەرگەکەی یاداشتەکانی زیاتر ئەبوو.. بەڵام کاتێ رووداوەکانی دوای کۆتایی جەنگی جیهانیو بەتایبەتی دوای ناوەڕاستی پەنجاکانو شەستەکانو تا حەفتاکانی سەدەی پێشوومان دی ئینجا بۆ زۆر کەسی کارامەو سیاسەتمەدارانو لێزان دەرکەوت کە ئەو کەسانەی بڕیاری بەرەی دووهەمی جەنگی لەنۆرماندابوو دەنکرکەوە داو لەوێوە, دەستیان پێکرد کە چەند لەچەرچڵی بلیمەت بلیمەت تربوون. کە ئەو نەخشەو وردەکاریو ئەو دراسە قووڵەی تەبیعەتی بەشەرو بەرژەوەندی تایبەتی ئادەمیزادو دەوڵەتانیان بەراوردو هەڵسەنگاندن کردووە چەند بەووردیو دوور بینیو بە

نەخشەسازی ئەو بڕیارانەیان داوە. کە زانیویان میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا تامی سەر بەستیو سەربەخۆی دەوڵەتانی خۆیان چێژتووەو هەرگیز سەرشۆڕ نابن بۆ داگیرکەران با بەناوی (ڕزگارکەری میللەتانو لەناوبردنی فاشستیش بێت)؟؟!.

بۆیە ماوەیان دروستکرد کە سۆڤیێت هەموو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بگرێ. کەماندوی نزیکی شەش ساڵ جەنگو کاولکاریو نەداریو شپرزەییو لێکترازانی هەموو پەیوەندیەك؟! ئەوەیان ئەزانی کە سۆڤیێت بەسەرکەوتوویەتی کە ئەچێتە ئەو وڵاتانە لەپێش هەموو شتێکا (متمانە) ئەخاتە سەر کۆمۆنیستەکان چونکە هاوبیرو هاو ئایدۆلۆژیای خۆیانن. بەتایبەتیش کە ئەو سەردەمە (ئومەمیەتی دووهەم- کۆمنتێرن) لەکارابوو بەسەرکردایەتی خۆیان کە هەموو پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان لەژێر ڕکێفو ئاراستەی ئەواندا بوون؟!!

بەو پێیە کە چوونە ئەو وڵاتانە کەوتنە گلێرکردنەوەی کۆمۆنیستەکان کە ئەوکاتەیان لەبەندیخانەکاندا بوون یان لەکەژو چیاکاندا بڵاوببوونەوە بەرگری جەنگو داگیرکەرانی نازیەکانیان ئەکرد؟!! کۆیانکردنەوەو دەسەڵاتیان لەژێر چاودێری خۆیانا پێسپاردن ئەوانیش (فریان) بەسەر بەڕێوەبردنی ئیدارەو بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتو میللەتەوە نەبوو؟؟. بەپێی ئەو دروشمە بریسکەدارانەی خۆیان کە بۆ میللەتەکانیان بەرزکردبووەوە بێ ئەوەی زەمینە دروستبکەن بۆ پیادەکردنی ئەو بیروبۆچوونانە.. هەر بۆ ئەوەندە بووە کە کاتی خۆی خەڵکیان لەدەور کۆببێتەوە؟!!. نەشارەزایی بەڕێوەبردنی ئیدارە وای لێکردن کە جەماوەر هەتا بێت لێیان بکشێنەوەو لەگەڵ ڕەفتاری ڕووس وەکو داگیرکەرێكو گیانی لەخۆباییو سەرکەوتوویەتی لەبەر ئەوە زۆر بەخێرایی جەماوەرەکەیان لێتەکیەوەو ئەو گشت وەعدو پەیمانو دروشمە ڕەونەقدارانەیان نە ئەتوانی پیادەی بکەن. تا ئەهات وەڕەستر ئەبوو ئەوانیش تا ئەهات ئەبوون بەژێر هەرەسی قەرزەوە. بەم جۆرە ئەو (بلیمەتە هێهاتوانەی سەرمایەداری) بنکەنی دیواری کۆشکی دەسەڵاتی مارکسیەکانیان دەستپێکردو ئەوەبوو لەساڵی 1956دا میللەتی (هەنگاریا) ڕاپەڕیو ئەگەر تانکەکانی سۆڤیێت نەبووبایە تەختو تاراجی دەسەڵاتیان لەناو ئەبرد؟؟!

هەروەها لەساڵی 1968دا میللەتانی (چیکۆ سلۆڤاکیا) ڕاپەڕینو هەر بەهەمان شێوەی هەنگاریا تانکەکانی سۆڤیێت هاڕینی بەسەر یەکاو دەسەڵاتەکەی پاراستن؟!! بەم بۆنەیەوە بەسەرهاتێك ئەنووسم بۆ گونجانو ئیسپاتی قسەکان.. (دکتۆر محەممەد بەکرۆ) مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی بوو خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوو دۆستی بەندە بوو ئەیگێڕایەوە: لەساڵی 1968دا لە (پراگ) پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا ئەم خوێند کچێکی چیکە هاوڕێم بوو کە سۆڤیەت هاتنو پراگیان داگیرکرد لەسەرجەمی شەقامە سەرەکیەکانی شاردا تانکەکانیان وەستابوونو بەیاننامەیان بەدیوارەکاندا هەڵواسیبوو من ویستم بچم تەماشای یەکێك لەو بەیاننامانە بکەم بزانم چیان نووسیوە؟ کەچی کچەکە زۆر بەتوندی قۆڵی گرتمو رای وەشاندو رایکێشامو وتی: تۆ ئەچیت پڕو پووچوو پڕو پالأنتەی ئەم داگیرکەرانە ئەخوێنیتەوە؟ ئەگەر بچیت من جارێکی تر دۆستایەتیت لەگەڵ ناکەم؟؟. ئەمە بیروبۆچوونی ئەو میللەتانەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپان؟!! ئا بەم جۆرە بلیمەتی نەخشەکێشو دانەری ستراتیژیەتی دووربورو لەچەرچڵی بلیمەت زیاتر دەرئەکەوێ؟! بۆ خستنەڕووی دەستهاوێژو بۆچوونی سۆڤیێت بەناوی ڕزگارکردنو بیروباوەڕی مارکسیەتەوە چوونە ئەو وڵاتانەو دەرکەوت کە وەکو جافی ئێمە ئەڵێت :"ڕەش هەر ڕەشە" داگیرکەر هەموو چوون یەکن؟!.

ئینجا بابێینەوە سەر ئەوەی کە ڕۆژئاوا نەخشەو بۆچوونو پلانو ئاواتەکانیان چۆن داڕشتووەو ئەم کاتو سەردەمەی ئێستامان چۆن هاتووەو بەرەو کوێ ئەچێت؟؟.

ڕۆژئاوا زیاتر لەنیو سەدە خۆیان گرتوو دانیان بەخۆ داگرت تاکو سۆڤیەتو دەوڵەتەکەییو بیروباوەڕەکەی کە وەکو قیبلەی میللەتان حسابی بۆ ئەکرا؟! بیانهێنینە بیابانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا تاموچێژی سەربەخۆییو پێشکەوتن سەرگەردانو ریسوایان بکەن. لەئەنجامی دراسەو لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕامیاریو پەیوەند با کە

بیروڕاو دەستهاویژی یەکێتی شوورەوی و مارکسیەت ئەبوو (یەکێتی میللەتان)و برایەتی نەتەوەکانی بگونجێنن و جیهان بەو جۆرە لەداهاتوودا ببەن بەڕێوە؟؟!. بەڵام سەرمایەداری (بلیمەت) پاش دراسەو شیتاڵکردنەوەیەکی وردو قووڵ و بەراوردی مێژووی گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە بیروبۆچوونی (نەتەوایەتی) ئەگەر بەوردی ئاراستە (تەوجیە) بکرێ هەتا لەئابووریش کاراترەو لەمێژوودا چەسپاوە کە دوو میللەت یان دوو نەتەوەی جیاواز لەچوارچێوەی وڵاتێکا یان دەوڵەتێکا پێکەوە ناگونجێن و هەڵناکەن..!! لەئەنجامدا هەر ئەبێت (یەکێکیان حاکم و ئەویتر ژێردەست بێت)؟؟ لەسەر ئەم بۆچوونەو وردبوونەوە, نەخشەی (دویلات نەتەوەییان) داڕشت کە هەر نەتەوەیەك بەتایبەتی لەرۆژهەڵات و تایبەت تر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داڕێژن و هەموو تواناو تین و دەستگرۆهییەکی بۆ دابین بکری و هەتا بێت (هانی) دووبەرەکی و هەستکردن بەناتەبایی بەینی ئەو نەتەوانە زەقتر بکری و ناکۆکی زیاتر دروستبێت لەبەینیانا؟! بۆ ئەوەی ئەو نەتەوانەی پێکەوە لەچوارچێوەی قەبارەو کیانێکی تایبەتدا ئەژین هەست بەناتەبایی و ستەمی زیاتر بکەن و نەتەوە دەسەڵاتدارەکەش زیاتر پێی لێ هەڵبڕێ لە زوڵم و سەرکوتکردنی نەتەوە ژێر دەستەکەو لەسەر ئەو پێ و جێیە کۆشش بکەن ئەو یەکێتییە پڕو پووچ و لەرزۆکەی رژێمە سۆشیالیستە مارکسیەکان دایانڕشتووە لەو (70–80) ساڵەی رابووردوودا؟! هەموو نەتەوە ژێر دەستەکان بکەونە جموجۆڵێکی زەقی هەستپێکراو. لەلایەکی تریشەوە بەجیاواز کۆشش و هەوڵبدرێت بۆ بەر بەرەڵاکردن بۆ نەتەوە باڵا دەستەکانی ئەو وڵاتانە تاکو چەوسانەوەی نەتەوایەتی و رەگەزپەرستی زیاتر بکەن و نەتەوە ژێر دەستەکانیان بهەژێنن و تاکو هەستی رزگاری و سەربەخۆییان تیا بەتینتر بکەن. ئەوەندەی چاوەڕوانی رووخان و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و سۆشیالیستی مارکسیان کرد لەم نەخشانەداو ورد دوورکەرەوەی دەستیانکرد بە ئەنجنین و باروودۆخ دروستکردن و مێشك راهێنان لەسەر ئەو هەستکردنە بە چەوسانەوەی نەتەوایەتییەو هەر بەردەوام و بەردەوامیش ئەبن. بۆ راستی ئەوەی کەتین و تەوژم و هەست و سۆزی نەتەوایەتی لەهەموو کارو بۆچوون و وتن و دەربڕین بەهێزترە ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە ئەگێڕمەوە: ئێمە دەستەیەکی لاوی خوێنگەرمی گیان لەسەر دەستی هەستیاری کورد بووین. لەبەغدا لەسەرەتای ساڵی 1949دا بەند کراین!! ئەو کاتە بۆچوون و هەستی چەپڕەوی باڵیکێشابوو بەسەر زۆربەی لاوە خوێندکارەکانی کورددا. لە 1949/10/1 ئەوەبوو شۆڕشی وڵاتی چینی گەورەو بەرین سەرکەوتوو بەسەرکردایەتی حزبی کۆمۆنیست و دەستەی بۆرجوازییە نیشتمانییەکان بەسەرکردایەتی حزبی (کۆمنستانگ)و رابەری (ژەنەڕاڵ چیانکای چیك) راونران و پەڕینەوە بۆ دوورگەی (تایوان)و پارتی کۆمۆنیست بەسەرۆکایەتی (ماوتسی تۆنگ) هاتنە سەر حوکم و دەسەڵاتیان وەرگرت. کە ماوتسی تۆنگ بەیەکێك لەهەرە کۆمۆنیستە تیژڕەو ئوممەیەکان ئەژمێردرا؟! زۆربەی بیرتەنکانی وەکو ئێمە ئەو کاتە وا ئەزانرا یەکێتی سۆڤیەت بەو تواناو سەرکەوتوویەتییەی جەنگی جیهانی دووهەم و چینی بەم زۆری ژمارەی میللەت و پان و بەرینی وڵاتەکەیانەوەو تازەو چاینەوەو هەر دوولاش لەسەر بیروڕای مارکسیەت ئەڕۆن و سنووریشیان بەیەکەوەیە بەزەویش و بەژمارەیش (لەو کاتەدا) سێ یەکی پلەی هەموو دانیشتوانی جیهان ئەبن و سەرمایەداریش تازە لەجەنگێکی جیهانی پڕ کێشەو ئەرکەوە دەرچووەو لاوازەو ئەبێت بەهۆی کزکردن و لەناوبردنی؟!! بەڵام چەند ساڵێکی کەمی پێچوو بارو سۆزو تەوژم و هەستی نەتەوایەتی وا سەری هەڵدا ئەو (ماوتسی تۆنگ)ە تیژڕەوە مارکسیە ئوممیە دەنگی لێ هەڵبڕی و وتی: میللەتی چین لەجەنگی تلیاك (حرب الأبون)دا لەساڵی (1840) رۆژئاواییەکان هاتن بەشی زۆری رۆژهەڵاتی چینیان گرت و روسیای قەیسەریش لەرۆژئاواوە هاتن زیاتر لە (نیو ملیۆن) میل چوارگۆشە زەوی چینیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو داگیریان کرد!!؟ ئێستا ئێمەیش چۆن چینمان ئازادکرد واش داوا لە یەکێتی سۆڤیەتی (برامان) ئەکەین کە ئەوانیش ئەو نیو ملیۆن میلە چوارگۆشەیەی زەوی چینمان بۆ بگێڕنەوە؟؟ بەڵام سۆڤیەتی (برایان) بێدەنگ بوو لەوەڵام و دوای ماوەیەکی کەم (بووە برایەتیەکەیان) زۆر بەتوندی تێکچوون و وەکو لەو

سالأنەدا بلأوكرايەوە ئەوەندەی سوپای هەردوولایان بەرامبەر یەكتر وەستابوون لەسنورەكانیان دەیەكی ئەوە بەرامبەر هەدوولاو سەرمایەدارەكاندا نەوەستابوون؟؟؟ هەتا توندوتیژیەكەیان دوای لە (ڤێتنام) زیاتر بەدەركەوتو ئەمریكا بە (كۆلێ) كێشەو ئاژاوە ڤێتنامی بەجێ هێشت بۆیان (خەڵكی وا ئەزانن ئەمریكا لەڤێتنامدا شكا)؟؟ نە ئەوەبوو ئەوەندەی تر بەینی چینو سۆڤیەت لەسەر ڤێتنامو كەمبۆدیا تێكترچوون؟؟ ئەمە نمونەو بەڵگەیە بۆ ئەوەی (نەتەوایەتی) لەهەمو شتێك بەهێزترو پیرۆز ترە؟! ئەگەر وانییە مادام چینو روسی باوەڕیان بەبرایەتیو چوون یەكی میللەتانو ئومەمیەتی ماركس هەیە فەرقی چییە نیو ملیۆن میل زەوی لای سۆڤییێت بێت یان چین؟؟ وەكو سالمی شاعیر ئەفەرمووێت:

رۆژو شەو دایم لەبەر دیدەی خەیاڵم حازری

جا چ فەرقێكی هەیە بۆ (من) ئیتر ئێرەو ئەویٚ؟؟

بۆ دەستپێكردنی ئەو رێوشوێنو نەخشەیە لە (یۆگۆسلاڤیا)وە دەستیان پێكرد. لەسەردەمی (مارشاڵ تیتۆ) یۆگۆسلاڤیا نمونەی پێكەوە ژیانی نەتەوەكان بوون وەكو ئەمانبیست... بەڵام دوای لەیەكتر ئاشكرا كران!! نەك سربیە زۆرینەكان بەتەنیا دەسەلأتی خۆیان بەسەر نەتەوەكانی تردا سەپاندبوو ئەیان چەوسانەوە بەڵكو هەتا ئاینو مەزهەبەكانیش سەركووت كرابوون؟!! ئەوەبوو بینیمان چۆن بەربوونە یەكتریو چۆن نەتەوەی (سربی) زۆرینە دەستیان كەوتە روو؟ چۆن نەتەوەكانی تر بەرووپانا راپەڕینو ئەو قەسابخانە ترسناكانەی لەنەوەدەكانی سەدەی پێشوو ئەمانبیستو ئەمانبینی لەتەلەفزیۆنەكاندا موچرك هێنەربوو بەلەشو گیانی هەمووانا. وای لێهات كە گۆڕە بەكۆمەڵەكانیان بخرێتە بەرچاوی جیهان؟! دوایش چۆن سەرۆكی (سرب)و تاوانبارانی دەوروبەری گیرانو دران بەدادگای دەوڵەتان؟! نەخشەكەیش لەرۆژهەلأتی ناوەڕاستدا بەم جۆرەی لای خوارەوە هەستی پیٚ ئەكریٚ كە داڕێژرا بێت؟!

با بەراوردێكی مێژوویی بكەین ئینجا بێینە سەر باسەكەمانو توندوتۆڵ ببەستین بەكێشەی نەتەوایەتییەوە!! لەمێژوودا ئەوسا لەخوێندنگاكاندا قوتابی ئەیخوێند هۆی كەوتنی دەوڵەتان "اسباب سقوط الدولة" لەسەروی هەموویەوە گەندەڵی ئیدارەو پۆخڵی پەیوەندیو فەسادو بەرتیلو پێشێل كردنی هەستو نەستو كەرامەتی مرۆڤایەتیو نەداراییو برسیەتیو.... هتد ئەمانە بۆ نموونەیش هەرچەند (ئێنەی موسڵمان) وامانفێركراوە كە هۆی سەركەوتنی عەرەب لەرێگەی دینی ئیسلامەوەو خوداو فریشتەكانی بوو... بەڵام لەباری مێژووی ئەو سەردەمەوە كە (ساسانییە)كانو (رۆمە)كان گەیشتبوونە حاڵو ساتەوەختی هەرەس هێنانیان ئەوەندە زوڵمو ستەمیان لەمیللەتەكانیان كردبوو هەموو لەسەر (چن) بوون بۆ راپەڕینو دژایەتیو بیٚ ئومێدی لەدەوڵەتەكانیان. ئەو لەو لاوەو بەرامبەر ئەو دوو هێزە سەرەكییەی ئەو سەردەمە؟!! لەم لایشەوە. پێغەمبەر (د.خ) هەستی بەوە كردبوو كە میللەتی عەرەب ئەو كاتە لەوپەڕی برسیەتیو نەداریو دواكەوتندا بوونو تالأنو بڕكردن؟! پارچە پارچەو عەشیرەت عەشیرەتو تیرە تیرە بوون. ئەم یەكی پێگرتنو هێنایە سەر دینە تازەكەی (ئیسلام)و ئاراستەی هەردوو لایەنیان كردنو بە ئیمانو باوەڕێكی پتەوی (واقیعانە)ی ئەو سەردەمە كە ئەگەر سەركەوتن ئەبن بەخاوەنی داهاتوو ئەو گشت ماڵو موڵكو كۆیلەو نازو نیعمەتو ئافرەتی جوانو لەبرسیەتی نەجاتیان ئەبێتو ئەگەر كوژراشن ئەوە بەهەشتی بەرین چاوەڕێیانەو جێگەیانە؟؟!. زۆرباش بۆیان دەركەوت كە (پێغەمبەر- محەممەد) (د.خ) راستی وتووەو كردووە كە فەرموویەتی: دینی ئیسلام لەبەرژەوەندی ئێوەیە ئەی عەرەب!؟) لەوكاتانەی سزایان ئەدا؟؟!. دوای چۆن ئەو ولأتانەیان بەزۆری شمشێر داگیریان كردنو وەكو خۆیان ئەڵێن (فتح الاسلام)و هەموویان كردن بەئیسلامو بوون بەخاوەنیان ئەوەی مێژوو ئەڵێت كردیانو هێنایان بۆ ولأتەكەی خۆیان؟؟! ئەگێڕنەوە یەكێك لەسەركردەكانیان لەزەمانی عومەری كوڕی خەتاب دووهەم خەلیفەی ئیسلام.. لەداگیركردنی كوردستان ئەبێت؟! عومەر بۆی ئەنووسێت كە بگەڕێتەوە بۆ مەدینە ئەویش ئەڵێت: ئەو

بەهەشتەی ئێوە ئەڵێن من ئێستا لەوێم ئیتر بۆچی بگەڕێمەوە؟! بەداخەوە؟!! ئەو سەرکردەیە (شەهید) کرابوو ئێستاش کوردە (فتح) کراوەکان زیارەتی مەزارگاکەی ئەکەن و تائێستاش هەر ماوەو من خۆم مەزارگاکەیم دیوە؟؟! هەر بەم جێوپێیەش رۆژئاوا (ئەمریکاو ئینگلیز) بارودۆخ و سەردەمێکیان هەڵبژاردووە کە دەسەڵاتداران حاکمەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی و رۆژهەڵات بەگشتی زۆربەی زۆریان ئەوەندە فەسادو زاڵم و ستەمکارو پێشێلکەری هەرچی نرخ و بایەخی مرۆڤ و ئادەمیزادیەتی میللەتەکانیان هەیە پیشاندوەتەوە. میللەتەکانیان وەکو لەزۆربەی ئایینە ئاسمانییەکاندا هاتووە کە رزگارکەر لەلایەن خواوە ئەنێردرێت (النصند في الاديان) بۆ رزگارکردنی ئادەمیزاد لە زوڵم و زۆر؟؟! ئەم میللەتانەش ئا لەم سەردەمەدا گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیە هەمیشە دەم بەدوعان بۆ ئەوەی خوا تواناو رزگار کەرێك بنێرێت رزگاریان کات لەدەست ئەم دەسەڵاتدارانەی خۆیان. ئا لەم کاتەدا ئەمریکاو ئینگلیز هاتن عێراقی (ماکي) ستەم و ئەنفال و کیمیاباران و هەزارەها گوندو دێهات تەختکراویان هەڵبژاردو رزگاریان کرد لەدڕەندەترین دیکتاتۆرێکی وەکو سەددام حوسێن و حزبی بەعسی تاوانبار بۆ پیادەکردنی نەخشەکانیان بۆ ئەمانەش دەوڵەتانی دەوروبەری عێراق بەم شێوەی لای خوارەوەن:

ئێران: پێکهاتووە لەوڵاتێکی فرە رەگەزو نەتەوەی جیا جیاو ناوچەیەکی جوگرافی و ئابووری زۆر گرنگ ئێستاش دوا رووخان و هەرەسی یەکیەتی سۆڤیەت روسیای ئێستا بەجۆرێك لاوازو پڕ کێشە بووە ماوەیەکی زۆری ئەوێ تاکو لەسەر پێ بووەستێت و ببێتەوە بەدەوڵەتێکی گەورەی بەربەرەکانی کەرەوەی ئەمریکا؟! کە وەسیەتەکەی (پیتەر)ی گەورە زیندو کاتەوە کە هەرگیز لەبیریان ناچێ بۆ گەیشتن (بەئاوی گەرم) واتە خلیجی فارس ئەگەر رووس ببێتەوە بەروسەکەی سەردەمی سۆڤییێت زۆر ئاسانە لەگەڵ ئێراندا رێکبکەوێت و ببێتە خەلیجی فارس. کە هەمووی رەنگە هەزار کیلۆمەتر لێوەدوور نەبێت؟ لەکاتێکا ئەمریکا زیاتر لەبیست هەزار کیلۆمەتر لێوەدوورەو (هاتویشە)؟! ئەگەر ئەوسا رووس بێت بەئاسنی دەرناچێت و رەنگە هەر ئەبێ بەشەڕ دەرکرێت لەکاتێکا (شەرعیەتی) ئێرانی بەدەستەوە ئەبێت و کەشەڕیش بوو ئەوە کارەساتی جیهانییەو ئەنجامی باش نابێت؟؟! بۆیە هەر لەئێستاوە (ئاگربڕی) ئەوە ئەکەن, بەدابەش کردنی ئێران لەسەر جوگرافیای نەتەوەکانی!!!. ئازەرەکان لەباکوورو کوردستان لەدوای ئەوان و بلوجستان ئینجا فارسەکان و هەر چەند لای باشوور زۆر عەرەبی تێدایە بەڵام لەوە ناچێت بێڵن جیا بێتەوە لەفارس و یەکێك لەهۆکانی چونکە عەرەبەکان شیعەن و شیعەیەتیەکەشیان ئەوەندە بەهێزە جیابوونەوەیان ستەمە؟!!. ئەوساکە ئەو گشت کۆسپ و ساترانە دروست ئەبێت کەرووس بەئاسانی ناتوانێ لەگەڵ ئەمانە هەموویان رێك بکەوێت و (شەرعی) بگاتە خەلیجی فارس؟!! ئەگەر بەزۆریش بێت. ئەوسا نەتەوە یەکگرتووەکان و رای گشتی جیهانی دژی ئەوەستێت بیانووی (شەرعییەت) ئەدا بە ئەمریکاو ئینگلیزو هاوکارەکانیان لەژێر ئاڵای نەتەوە یەکگرتووەکاندا رووسەکان دەربکەن؟؟ باوەڕیش ناکرێت کە رووس ئەوە بەسەرخۆیدا بهێنێت و بیانۆ بدات بەوانەی باسمانکردن ئەمە بۆ ئێران.

تورکیا: بۆ تورکیاش باشترین زەمینە هەیە بۆ تێکدان و پەرتکردن و دابەشکردنی چونکە لەتورکیا زیاتر لە 15 تا 20 ملیۆن کوردی تیایە؟! تاکو ئێستا کە سەردەمی (ئەنتەرنێتە) ناهێڵن بەزمانی زکماکی کوردی خۆیان قسە بکەن و بخوێنن؟؟ تورکیش لەناو خۆیانا هەست ئەکرێت دوو بۆچوون و دوو گروهی جیاواز بن!! خەریکە وردە وردە دووبەرکیەکەیان سەرهەڵئەدات؟!.

یەکەمیان: دەستە ویلایەتی خوێندەواران و رۆشنبیرو سیاستمەدارانی مۆدێرن و لەدنیا حاڵی بووەکانن (با ئێستاش زۆر نەبن) کەئەزانن ئەمڕۆ بێت یا دە ساڵی تر یاخود زیاتر میللەتێکی زیاتر لە (40) ملیۆنی دابەشکراوی وەکو کورد هەر ئەبێت لەوڵاتی بەش بەشکراوی خۆیدا دەوڵەت و قەبارەی یەکگرتووی هەبێت؟! ئەمانیش (تورکەکان) ئەیانەوێت هەڵی ئەوە بەکاربهێنن کەرێگە بدرێن بچنە ناو یەکیەتی ئەوروپاوەو ئەوەش

ئـەزانن کـە دواڕۆژو ئێسـتاکەش جیـاوازی چـەند هەیـەو ئـەبێت لـەمیانو لەبـەینی ڕۆژهـەڵاتیو ڕۆژئاواییـدا؟؟ لەهـەموو ڕوویـەکی ژیـانو پەیوەندیـەوە بۆیـە زۆر بەوریایانـەو کارامەنـە لـەناخی دەرونیانا جێگـرو چەسـپاوە بائێستاش بەزەقی دەرنەکەوێت؟!.

دووەم: لایەکەی تـریش کۆمـەڵێکی عەسکەرتاری شۆڤێنی ڕەگەزپەرستو خـەیاڵبازی ژیانـەوەی (ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی) جاران لەمێشکیانا (گینگڵ) ئـەدات بەتایبـەتی دوای لەناوچوونو هەرەسهێنانی یـەکێتی شوورەویو بـەر بـەرەڵایی سـنووری تورکیـاو کۆمـارە تـورك زمـانو تـورك ڕەگـەزەکانیان وەکـو: تورکمانسـتان, قـەرغیزیا, ئەزبەگسـتان, تاجیکسـتان, ئازەربایجانـەکان... هتـد. کـە ئـەم وڵاتانـە زۆربـەیان تـورکن تـەنیا سـنووڕێك لێکیـان جیادەکاتەوە (ئەرمەنستان)ە کە بەری گرتوون.. ئەوەش ئەگەر کوردستانی گەورە دروست بکریو ببێت (کە هـەر ئـەبێتو ئـەکرێتو سـەفەرەو لەبـەرە) ئەوسـا ئـیتر سـنوورەکانیان لێ ئـەگیرێتو ناچـار ئـەکرێن واز لـەو خەونـە بهێنن؟؟.

سـوریا: بـەجۆرێك عەرەبـە ڕەگـەز پەرەسـتە شـۆڤێنیەکان دەسـتەڵاتدارنو ئەوەنـدە دڕنـدەن بەرامبـەر میللـەتو جـەماوەر کـە هـەموو بنەمایـەکی لاوازیو بیـانۆ زەمینـەی دروسـتکردووە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەو پارچـەکردنی کـە کێشەی بەشێکی کوردو کوردستانیش سەباری لەبارو ڕەخساندنی زەمینەیە بۆ هـەموو گۆڕانکاریـەکی پێویسـتو چاوەڕێ کراو.

عێراق: لای خۆشمانەوە (عێراق) ئەوەیە کە ئەگەر بـەوردی سـەرنج بدەین هـەر لەکودەتای 1958ی عەبدولکـەریم قاسمەوە ڕێوشوێن دانراوەو پەیڕەو ئەکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراقی (کارگ- قارچك) ئاسـای هـەڵتۆقیو کـە هەر لەبنەڕەتدا بە (نەوەکانی) دروست کرا بەو جۆرە نەتەوەکانی عێراق بەتایبـەتی کـورد وای لێ بکریێ کـە ئـەبێت خـۆی بـەدەمی خـۆی هـاوار بکـات: کەئـەی ڕای گشـتی جیهـان, ئـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان, ئـەی دەوڵەتـە دەسەڵاتدارانو هەڵگری دروشمی سەرەکی دیموکراتیەت ئەی مرۆڤ دۆستانی گێتـی ئەی خاوەن ویژدانان بێنـە جـواب کەئێمـە لەگـەڵ ئـەم عەرەبـە ڕەگـەز پەرەسـتە دڕنـدەو (وشـکەهەڵهاتووی گـەرمای عەرەبسـتانە) (وەك سـۆفی گـەورەو بـەناوبانگ "جەلالـەدینی ڕۆمـی- مەولـەوی" نووسـی بـۆ تـەیموری لـەنگ)؟؟! لەگـەڵیانا هەڵناکـەین وە ناتوانین بژین؟؟ ئەبێت ئێمە بگەینە ئەو ڕادەیە کە خۆمان بەزمانی خۆمان ئەو هاوارانە بکـەین؟؟ بـۆ گەیانـدمان بـۆ ئـەو ڕادەیـە ئـەوە (182) هـەزار کـەسمان لەمنـداڵو ژنو پیـاوو لاوو پـیر لێ زینـدە بەچاڵکران. لەگـەڵ (8) هەشـت هەزار بارزانی کلۆڵدا؟؟ و زیاتر لە (4500) چوار هـەزار پێـنج سـەد گونـدو دێهاتمـان لەگـەڵ زەویـدا تـەختکرانو هەتا وەکو کانیاوو سەرچاوەی ئاوەکانیشیان پڕکردەوەو چیمەنتۆ ڕێژکران؟؟ بەتەنیا هەر لە (هەڵەبجە)ی شـەهید زیاتر لە (5) پێنج هەزار ژنو منداڵو لاوو پیرمان کیمیابارانو شەهید کران بێجگە لەشوێنەکانی تـری کوردسـتان کە بەهەزارانیش بریندارو سەقەتو کەم ئەندامکران؟؟؟! زیاتر لەسـی (30) سـاڵ کـەس خـاوەنی مـاڵو ژنو کچو ژنو خوشكو خێزانی خۆی نەبوو (ئەگەر بەعسیەکان ویستبێتیان یان نۆبە هاتبێتە سـەرمان)؟! بێجگـە لەهـەزاران لاوی ئازای بەجـەرگ کـە لەبەندیخانـەکانی (بـەعس) لـەژێر سزاو ئەشـکەنجەدا گیانیـان لەدەسـتداو سـەر سـێدارە خران کەزۆربەیان بەسروودی (ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان) ملیان ئەکرا بەپـەتی سـێدارەوە؟!! ئەمانـە هەمووی لەوەش زیاتر پێمانکرا کەچی کە (ئەمریکاو ئینگلیز) ڕزگار کەرەکان سەدامیان بـۆ ڕووخانـدین عێراقیـان لەبنەڕەتەوە هەڵوەشاندەوەو لەیەکترازاندو سوپاو ئیدارە هیچ شێوەکیان نەهێشـتو ئێمـەی کـورد لـەجیاتی ئـەو هاوارانـەی پێشـوو بڵـێین کـە لەگـەڵ عەرەبـدا پێکـەوە هەڵناکـەین بەتایبـەتی دوای دەرکـەوتنی ئـەو گشـت گـۆڕە بەکۆمەڵـەو هـیچ (عـەرەبێکی) (ڕەسمـی)و هـیچ دەوڵـەتێکی عـەرەبی لـە (22) قـەبارەو دەوڵەتـە بـە (جامیعـەی عەرەبیشە)وە نەکەسیان بێزاریان دەربڕی (تاکو ئێستاش هـەر دەریـان نەبڕیوە)؟؟! ئێمـەش (سـەرکردەکانمان) هـەر خـەریکی دروسـتکردنەوەی عێـراق بـوونو ئـەبنو هـەر خـەریکی دامەزرانـدنی خـزمو دەوروبـەریانن وەکـو کـورد

شۆڕش بوو دامەزراندنی کەسوکارو دەستو پێوەندی ئەوانی کردبێت وایە؟! بۆ ئەم نەخشانەش (هەر چەندە رەنگە کەسانێك گاڵتەیان پێبێت) بەڵام بە هەموو بۆچوونو لێکدانەوەو بەراوردێك ئەمانە لەبارن؟!! هێزەکانی ئەمریکاو ئینگلیزو هاوپەیمانەکانیان هەر وابێ بەرنامە نەهاتوو هەر بۆ ئەمانەش هاتوون؟! ئەمانەش هەنگاوێکی گونجاوە بۆ دەست بەسەراگرتنی داهاتو هەموو ناچەوکە!! هەر بۆ ئەمەش بەهەموو بۆچوونێك گرنگیەکی زۆر ئەدرێت بەکوردستان چونکە کوردستانی گەورەی داهاتوو سەنتەرو جێگەی گرنگی نەخشەی داهاتووە؟!!. لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم لە 1920دا پەیمانی (سیڤەر) سێ ساڵ ماوەی داینێ ئێمە کە وەکو میللەتان بتوانین حوکمی خۆمان بکەین کەچی بەداخەوە سەرکردەکانی ئەو کاتەکانمان ئەوەندە بەتواناو لێهاتوو نەبوون تا لەپەیمانی (لۆزان) تورکە کەمالیەکان هەموو (تەنازولێکیان) بۆ دەوڵەتانی سەرکەوتو کردو ئێمە بەو دەردەبراین؟!!. لەدوای شەڕی کوێتو راپەڕینیش هەتا ئێستاش لەسەر بێت ماوەمان پێدرا کە بتوانین کەڵك لەو گشت یارمەتیو پاراستنە وەربگرین کە رێگەمان بۆ خۆشکراو ساز کە هەموو کاتێ ئەمریکاو ئینگلیز ئەیانوت هەر ئەتانپارێزین؟!!. کەچی ئێمە لەباتی ئەوەی یەکەم هەنگاومان بۆ دروستکردنی کوردستانی یەکبوون بنێین کەچی بەناوی رزگارکردنی (کەرکوك) هەر هەموو حزبەکان چوون تاڵانیان کرد؟!. ئەگەر خاوەن بەرژەوەندیە نەوتیەکان نەبوونایە زوو فریاکەوتنو ئەگەر چەند رۆژێك بمانایەتەوە هەتا بۆڕیە نەوتەکانیشمان ئاودیو ئەکرد وەکو هەموو شتەکانی تر؟؟. (12) ساڵ زەمینەیان بۆ دروستکردین کە ئێمەی کورد بتوانین دەسەڵاتێکی یەکگرتووی پتەو دروستبکەینو کەڵك وەربگرین لەو دەیان رێکخراوە بیانیانەی کەهاتن بۆ یارمەتیو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.. دوایش پرۆژەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکە لە 1995. کە میللەتەکەمانی لەبرسیەتی رزگارکردو فەردەی ئارد نرخی زیاتر لە هەزار دیناری سویسری وای لێهات میللەت ئاردی زیادی هەبوو دەیانفرۆشت لەکاتێکدا دەبێنرا پێش ئەم پرۆژەیە مامۆستاو فەرمانبەران زۆریان دەرگاکانی ژوورەکانی ناوەوەی ماڵەکانیان دەردەهێناو دەیاندا بەئارد لەبەر برسیەتی منالەکانیان؟ کەچی ئێمە لەجیاتی ئەوەی کەڵك لەمانە وەربگرین هەتا رێکخراوەکانیشمان فێری دزیو هەندێ شتی تریشمان کردن؟! ئینجا لەباتی دروستکردنی قەبارەو ئیدارەیەکی یەکگرتوو؟! دەستکرا بە(شەڕی ناوخۆ)؟ کە هەزاران کوردی کلۆڵو بەدبەختی تیا (شەهید)و زۆریش سەقەتو کەمئەندام کرانو دەستی بێیانو دوژمننان هێنایە ناو وڵاتەکەمانەوە! تورکەکانی تینوی خوێنی کوردمانهێنا (ناویژیمان) بکاتو (نەیەڵێت شەڕ بکەین)؟!

ئەوەبوو لەم دواییشەدا بوون بەمارەکەی (شێخ هۆمەر)و ئالان بە ملماناو هەزارەها کوردی نەدا راو بێ دەرەتانو برسی کراویان کرد بەتورکمانو هەزاران لیستو ئیستیمارەیان پێ پڕ کردنەوەو پەنجە مۆریانپێکردن؟! بۆیە دەڵێن سێ ملیۆن (تورکمان) لەعێراقدا هەیە؟! ئێستاش هەتا لەناو ریزی حیزبەکانیشا زۆر هەن کە سەری (سێ سێ) دەبڕن بۆ کوردایەتی کەچی لەوێ لەئیستمارەکانیان بۆ چەند کیلۆ ئاردێكو هەندێ شەکرو چایی (پەنجە مۆریانکردووە کە "تورکمانن"؟!) خۆ ئەگەر ئەمریکاو ئینگلیز نەبوونایە ئێستاش ناوبژیکەرانمان نەدەڕۆیشتن بابڕیاری (پەرلەمانیشمان) بۆ وەرگرتبێت؟!. بۆ نزیك بوونەوەش لەو نەخشەیەی لەسەرەوە باسمان کرد زەمینە زۆر دروستکراوە لە هەموویان زەقتر ئابوورییە ئەگەر سەرنجی هەرەسو داڕمانی باری ئابووریو دارایی دراوی تورکیاو ئێران بکەین. کە ملیۆنێك لیرەی تورکی 3-4 دیناری جارانی عێراقەو زیاتر لەسەد تمەنی ئێرانی ئینجا ئەویش دینارێکی سویسری جارانی عێراقە. هەموو راگیراوە لەسەر ئەوەی ئێمەی کوردی باشووری کوردستان ئەم گشت ناهەقیەی خۆمان بخەینە پێش چاوی رای گشتی جیهانو داوابکەین کە ئێمە لەگەڵ (برا) عەرەبە چاوگەشەکانمان هەڵناکەین. دوای ئەو گشت کاولکاریو قەڵاچویەی بەسەر کوردا هێنرا (عەرەبێك دڵی دانەخورپاو داناخورپێ بۆمانو پەندە پێشینەکەی باپیرانمان لەتاقی کردنەوەی تاڵی خۆیان بووە کە دەڵێن (نەشیری حوشتر لەدیاری عەرەب)؟! کەچی ئێستا ئێمە هەر بەتەنیا دەڵێین: بژی برایەتی کوردو

عەرەب!! هێشتا (عەرەبێك) نەوتویەتی بژی برایەتی عەرەبو کوردو نەدەڵێ (عێراقی فیدرال)!! بۆ سەلماندنی کاك (شێخ غازی یاوەر)ی "زاوامان"و "برامان" زۆر بەڕاشکاوی بێ شەرمانە وتی: من دژی ریفراندۆمم کە کورد داوای "مافی چارەنووس"ی خۆی بکاتو بە "خیانەت"ی دەزانم؟! هەر بەم بۆنەیەوە (هەتا وشەی "خیانەت" لەزمانی کوردیا نییە)؟!و لەوانمان وەرگرتووە؟!!

ئینجا دەوڵەتانی عەرەب وەکو سعودیە، ئوردن، میسر، موریتانیا، جەزائیر، تونس، یەمەن، لیبیا، سودان، میرنشینەکانی کەنداو، بەحرین، ئەمانە بەجۆرێك گەندەڵو پڕ لە فەسادو بەرەڵایین هەر باسنکرێت بۆ نمونە: سعودیە: کە دانیشتوانی لە چەند ملیۆنێکی کەم تێپەڕ ناکات کەچی داهاتێکی خەیاڵی نەوتیان هەیەو یەکەم وڵاتی جیهانە بۆ نەوتی (یەدەگ) لە چلەکانو پەنجاکانی سەدەی پێشوو هەمیشە بەرهەمهێنانی نەوتی لە بەینی 7 تا 10 ملیۆن بەرمیل بووە رۆژانە ئەو جار جاریش لەم ساڵانەی رابوردودا بۆ پارسەنگی نەوتی جیهانی زیاتریان پێ دەرهێناون؟! لەگەڵ ئەمانەشدا ملیارەها دۆلار قەرزدارنو میللەتەکەشیان زۆربەیان خوار هێڵی هەژاریەوە دەژین؟!. تەنیا ژمارەی (بنەماڵەی) شاهانەیان، زیاتر لە پێنج هەزار کەس دەبن بێجگە لەوەی زۆربەی زۆری کاربەدەستانی (حکومەت) لەو بنەماڵەن. کەچی هەر هەموویان گەورەو بچووك جۆرە (ئیمتیاز)ی داراییەکیان هەیەو بۆ دانراوە پیاو تەریق دەبێتەوە کە لەسەردەمی (ئینتەرنێت)دا باسی بکات؟! کە تاکو ئێستاش هیچ جۆرە هەڵبژاردنێك لەو وڵاتەدا نەکراوەو ئافرەت وەکو کویلەو کاڵای بازاڕ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێتو وتەی (مامَلَكَتْ أيمانكم) سالارە؟و کۆیلایەتیش بنبڕ نەکراوە؟! وڵاتەکانی تریشیان بەتایبەتی (خلیجییەکان) داهاتێکی زۆرو وەرەس بونێكو نارەزاییەکی زۆرتری میللەتەکەیان کە هەموو مافێکی دیموکراتیان پێشێل کراوە؟! ئەوانی تریشیان کەمتر نین لەمانو وەکو پێشینان دەڵێن: (شەنە لەمە نە کەمتر نییە).. ئەوەندەش نەفامو رەگەزپەرستن تاکو ئێستا بەسەدان گۆڕی بەکۆمەڵی کورد دەبینن زیندە بەچاڵکراونو هەتا تەلەفزیۆنەکانی خۆشیان پیشانی دەدەن هەتا دەوڵەتێکیان لەو (22) دەوڵەتە بێزارییەکیان دەرنەبڕیووە نەهاتوون وەکو (عەرەب) پۆزشتو ئیحتزارێك بۆ میللەتی کورد بهێننەوەو بڵێن سەددامی خوێنڕێژ بەناوی عەرەبەوە ئەمەی کردووە بەئێوەی کورد؟! کەچی هەر (ئێمە)و سەرکردەنمان ئاشتەوانیان لەگەڵ دەکەین وەکو ئێمە ئەوانمان زیندە بەچاڵکردبێت وایە!!. ئەو دەوڵەتە عەرەبانەی کە باسمان کردن لەسەرەوە ئەوانە بارودۆخیان بەو جۆرەیە لەگەڵ میللەتەکانیان ئا لەم کاتە دەستنیشانو شیتاڵکراوەدا ئەمریکاو ئینگلیز هاتوونو ئەم سەردەمەیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی پاش دامەزراندنو پارچەکردنی عێراقو رێکخستنی ئەوسا دێنە (وێزەی) ئەو دەوڵەتانەو لەوانەیە زۆر لەو میللەتانە خۆیان هاواریان بۆ بهێنن کە بچن ئەوانیش رزگار بکەن لەدەست حاکمە ستەماکارەکانیان؟! بۆ نموونە لای ئەمانە دەبێت لەم سەردەمەی جیهانەدا سەرەك کۆماریێ بە کۆدەتای سەربازی خۆی کردبێت بەسەرکۆمارو کوڕەکەیش بکات بەجێنشین کەی ئەمە بووە!!. جا بۆیە ئێمەی کورد لەکانی دڵمانەوە پێشوازی لەم رزگارکەرانەمان بکەینو دەستی سوپاسو نەوازشیان بۆ بگرین بەسنگەوەو بەڕاشکاویش داواکارین لە (سەرکردەکانمان) کە ئیتر ئەوا بەخۆیانو ئەوا بەمیللەتەکەیان بکەنو باشووری کوردستان ئەوەی لەژێر (دەسەڵاتی) هەردوولا دایە بیکەنەوەو بەیەكو ئینجا داوای باقیەکەی دیکەی بکەینەوە؟ چونکە ئەگەر بگەڕێنەوە ئەوا ئەویش بەدەردی دابەش کردنەکەی ئەمی دیکەی کوردستان دەبەن؟!. پێموایە لەمە زیاتر با کەرامەتی میللەتەکەمان پێشێل نەکرێتو رومانبێت (تەنیا دەقیقەیەك) راوەستین بۆ گیانی پاکی شەهیدان!! نەك وەك ئێستا کراوە بەکارێکی رۆتیین وەکو فاتیحاکانی مردو لەمزگەوتەکاندا؟! با بەسبێت مێژوو رەحم بەکەس ناکات ئەگەر عیبرەت لەمێژوو وەربگرین؟!. سەددامی خوێنڕێژ لەسەر چیای گاراو چیا بەرزەکانی کوردستانی داگیرکراو بەفڕۆکەی هەلیکۆپتەر کۆشکی دروستکرد بوو. کوا خۆیو کۆشکی؟ وەکو شاعیرێکی فارس دەڵێت:

**کوا سولەیمان، کوا سکەندەر، کوا ئەساسی نادری؟**

**تەلبە سەر بوسیار دیدەن، ئین تەنی خاکستەری!!**

**بەلام با ئەوەشمان لەبیر نەچێت و واقعبین بین!! کە دروستکردنی کوردستانی گەورە (لەدوا رۆژدا) لە هەموو پیلان و نەخشەیەکی داهاتووی ئەمریکاو ئینگلیزدا هەیەو ئەوەش لەبەرچاوی کالی کورد نییە؟! بەلکو دروستکردنی (دوەیلاتی) نەتەوەیی کە نەخشەی بۆ کێشراوە؟! لە هەموو نەتەوەیەك زیاتر لەبەرژەوەندی ئێمەی کوردەو خوا رزگارکەر (منقذ)ی بۆ ناردوین با (سەرکردەکانمان) هۆشبکەنەوەو ئەو رێگەیەمان بۆ نزیك بخەنەوەو یەکگرن. چونکە باشووری کوردستان سەری گوریسەکەو گلۆلەکەیە!! بیکەنەوەو بەیەك و واز لەبەربەرەکانێی دابەشکردنی ئەم (تۆزە) زەوی ولاتە بهێنن و (مەجد)و شانازی خەباتەکانی سالانی پێشوو بپارێزن با میللەت شکۆمەندی تێیدا بپارێزن. نەك میللەت بین بە دوژمنتان با کەلك وەربگرن لەم هەلە مێژووییە کە بۆمان (رەخسێنراوە)! بەندە بێگومانم لەپاشەڕۆژو بەختەوەری و یەکگرتنی میللەتەکەمان؟ بەلام با شانازییەکەی بۆ سەرکردەکان و خەباتگێڕە (حاکمە)کان بگەڕێتەوەو ماندووبوونیان بەفیڕۆ نەچێت و پارەو پوول و (دەسەلاتی) رووکەش ئەوەندە ناهێنێت با میللەت ئەوەندەی دیکە لێتان نەتەقێتەوە؟!، چونکە ئەمجارەیان ئەو جۆگرافیایەی کوردستان کە دەیان سەدەیە هۆیەکی گرنگە بۆ کاولکاری و بێ قەبارەیی و پارچە پارچە بوون و ژێردەستی؟! بەلام ئێستا بەهەموو بۆچوونێك لەداهاتوودا بەپێی ئەو نەخشەیەی داڕێژراوە (ئەگەر سەرکردەکانمان دڵسۆزو لێزانبن) بەهۆی بارودۆخی جیهانی تازەوە دەبێتە (سەنتەر)ێکی بەرچاوی ناوچەکە جێگەی بەرژەوەندی بڕیار بەدەستانی ئێستای جیهانە!! بەکورتی لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:**

**أ‌- لە 80٪ی ئاوی عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا لەکوردستان سەرچاوەی گرتووە کە ئاو لەداهاتوودا لە نەوت بەنرختر دەبێت.**

**ب- نەوتێکی زۆرو زەبەندی تێدایەو هەتا بێت زیاتر دەبیسین کە خەریکی بەشوێنا گەڕانی نەوتی تری تازەن لەکوردستاندا.**

**ج- ولاتەکەمان بەپێی کێش و پێوانەی ئابووری ولاتێکی دەستێنەخراوە (بکرە)و خۆمان نازانین چی لەژێر خاکەکاماندا هەیە!! بەلام رۆژئاواییەکان باش دەزانن چیمان هەیە، جار جاریش دەبیستین باسی بوونی کانزا بەنرخەکان دەکەن کە ئەوان دۆزیویانەتەوە.**

**د- بەهۆی زنجیرە چیاو کەژەکانی (زاگرۆس)ەوە کە لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر کوردستانە هەر لایەنێك یان ولاتێك دەستی بەسەر ئەو کەوانەو چیاتەمەو قەوسەدا هەبێت دەسەلاتی بەسەر هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەبێت؟! لەدەریای سپی ناوەڕاستەوە بۆ کەنداوی فارس.**

**هـ- میللەتەکەمان بەدرێژای مێژوو ئەوەندە سەرکەوت و وێرانکاری ولات و سزاو قەلاچۆکردن و ستەمی چێژتووە کە هەتا (دێر) زەمانێك بەهەموو (شت) رازی دەبین بە (مەرجێك) لەولاتی خۆماندا قەبارەو کیانمان هەبێت و سەربەخۆ بین و داهاتی ولاتەکەمان بۆ کاولکردنی خاکەکەمان و قەلاچۆو قڕانکردنی میللەتەکەمان بەکار نەهێنرێت وەکو بەکار هێنراوە؟.**